# ئەنفال و تراژیدیای گوندی خدر ڕێحان

## ناوچەی قۆناغی سێی ئەنفالی گەرمیان




**ئامادەکردنی : ئەنفالستان**

خدر ریحان یەکێکە لە گوندە خنجیلانەکانی ناوچەی زەگنەی گەرمیان وخەڵکەکەشی سەربە هۆزی زەنگنەن، لەروی کارگێڕییەوە سەربەناحیێ قادرکەرەمە، ساڵی ١٩٨٣ لەسەر دەستی مامۆستا (هیدایەت عەلی قارەمان ) قوتابخانەی لێدامەزراوە .

دراوسێی هەردوو گوندی گۆلباخی سەروخوارو هەرێنەوگەڕاوی و دراتوو، تیلەکۆ و بنەکەو لەک هیدایەتە، کەهەموویان بە چری بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن وزیانی گیانی ومالی زۆریان بەرکەوتووە. پێش پەلامارەکانی ئەنفال گوندی خدر ریحان نزیکەی (٤٧) خانەوادەی تێدا دەژیاو خەڵکێکی تریش بەهۆی هەلاتنیان لە خزمەتی سەربازیو گوندەکانی دەوروبەریان لەوێ نیشتەجێ ببوونەوە، ئەم گوندە هەمیشە پەناگای خەڵکی لێقەوماوو بووە، تەنانەت لەپەلامارەکانی ئەنفالدا دووکەس لەدەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال لەوێ نیشتەجێ ببوونەوە، هەریەک لە (عوزێر و رەمەزان عەلی سلێمان پێش ئەنفالکردنیان، لە گوندی جافان نیشتەجێ بوون، بەلام دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٧ گوندی جافان دەروخێت ئەوانیش کۆچ دەکەن بۆ گوندی خدر ریحان، لەوێ هەتا کاتی ئەنفال دەیانگوزەراند، بۆیە هەرلەوێش لەگەڵ خەڵکەهەژارەکەی جافان گیرانو ئەنفالکرانو دواتر لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو دوای دورۆژ مانەوەیان رەوانەی بیابانەکانی رومادی کرابوون لەو بیابانە گوللەبارانکرابوون خۆشبەختانە رەمەزان و عوزێر لەو کۆمەڵکوژییە رزگاریان ببوو .

سەروەختی ئەنفالیش دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون، بەداخەوە لەپەلاماری ئەنفالی سێی گەرمیاندا رۆژی 10ی نیسانی سالی 1988 خدر رێحانیش روخێندراو خەڵکەکەشیان گیراو لەلایەن سوپاو جاشەوە رەوانەی ئالیاوای نزیکی قادرکەرەم کرانو دواتریش بەقۆناغەکانی گرتنو





| رەمەزان | عوزێر |
| --- | --- |

کۆکردنەوەدا بران بۆتۆپزاوا، بەهەمووی ئەوانەی لەوێ نیشتەجێ بوون لەگەڵ خەڵکی گوندەکە 35 کەسیان بەر پەلاماری ئەنفالکەوتنو لە تۆپزاوا جیاکرانەوەو هەموویان بێسەروشوێنکران .

خەڵکی خدر رێحان جگەلە ئەنفالکراوەکانیان (9)کەسی تریان لەسەنگەردا گیانیان بەخشیوە. هەرچی عوزێرە لە دیدارەکانیدا باسی یەکێک لە ئەنفالکراوەکانی گوندی خدر رێحان دەکات کە لە هەمان ئەوکاروانەدا بووە کە پێکەوە بردویانن بۆبیابانەکانی پارێزگای رومادی و لەوێ گوللە بارانکراون. شایانی باسە جگەلە رەمەزانو عوزێر 12 کەسی تر هەرلەگەڵ خەڵکی خدر رێحان گیرانو ئەنفالکران .

شایانی باسە لەناو ئەنفالکراوەکاندا 4 برای یەکترن کە تەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 32 ساڵدایە

| ئەنفالکراوانی گوندی خدر رێحان | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| ز | ناوی ئەنفالکراو | تەمەن | رەگەز |
| 1. | نجم الدين سەعيد قارەمان | 32 | نێر |
| 2. | فاتیح سەعید قارەمان | 34 | نێر |
| 3. | نامیق سەعید قارەمان | 18 | نێر |
| 4. | ابراهیم سەعید قارەمان | 22 | نێر |
| 5. | حەسیب عومەر فارس | 34 | نێر |
| 6. | قادر عەلی قارەمان | 35 | نێر |
| 7. | فاتیح محمد خەسرەو | 35 | نێر |
| 8. | عوسمان ئەحمەد خەسرەو | 33 | نێر |
| 9. | محمد عبدالله حەسەن | 21 | نێر |
| 10. | عەلی ئەحمەد کریم | 25 | نێر |
| 11. | عادل عەزیز فەرەج | 35 | نێر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .12 | حەمید حەسەن حسێن | 22 | نێر |
| .13 | محمد کەریم ئەحمەد | 31 | نێر |
| .14 | رەحیم عەلی ساڵەح | 27 | نێر |
| .15 | محمد عەلی ساڵەح | 38 | نێر |
| .16 | ئازاد عەلی ساڵەح | 18 | نێر |
| .17 | وادی عەلی قارەمان | 38 | نێر |
| .18 | حەسیب رەشید محمد | 34 | نێر |
| .19 | عبدالله ئەحەد عەلی | 33 | نێر |
| .20 | بورهان حەسەن عەلی | 19 | نێر |
| .21 | عەباس نصرالدین محمد | 18 | نێر |
| .22 | کامیل کەریم ئەحمەد | | نێر |
| .23 | سالار فاتیح | | نێر |
| .24 | سابیر عەلی | | نێر |
| .25 | عەلی جافانی | | نێر |
| .26 | سەعید ئەحمەد عەلی | | نێر |
| .27 | تۆفیق | | نێر |
| .28 | وەهاب ئەمین | | نێر |
| .29 | لەتیف ئەمین | | نێر |
| .30 | رەوف ئەمین | | نێر |
| .31 | مامۆستا حسین | | نێر |
| .32 | ڕەمەزان عەلی سلێمان[1] | 22 | نێر |
| .33 | عوزێر | 24 | نێر |
| .34 | حەمید | | نێر |
| .35 | کەریم | | نێر |
| 36 | لوقمان عەلی | | نێر |

**سود لە کتێبی ئەنفالی ناوجەی قادر – محەمەد قەیتولی وەرگیراوە**

**وێنەکە لە پەیجی عەشیرەتی زەنگنە وەرگیراوە**

1 لە ناو ئەم ناوانەدا هەریەک لە ڕەمەزان عەلی سلێمان و عەزیز وەهاب محمد ناسراو بە عوزێر لە کۆمەڵکوژییەکی بیابانی پارێزگای رومادی لەناوپاصێکدابوون لە قەراغی گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەربازیان بوو ئێستا لە ولایەتی ڤێرجینیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەژین . جێگەی ئاماژەیە ( ئەم دوکەسەو فەرەج محمد عەزیزو تەیمورو واحید) لەلایەن یۆست هێڵتەرمان و ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆچەوە بران بۆ ئەمریکاو ئێستا لەوێ دەژین .